وەزارەتی کارەبا: بەهای دابەزینی پلەکانی گەرما خواست لەسەر کارەبا زۆر زیادی کردووە

وەزارەتی کارەبای حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، "بەهای دابەزینی پلەکانی گەرما و هاتنی شەپۆلی سەرما، خواست لەسەر کارەبا زۆر زیادی کردووە و پێدانی کارەبا نزیکەی 8 کاتژمێرە".

وتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئومێد ئەحمەد ڕایگەیاند، "کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانی بە ناوچە گەرمەکان 8 بۆ 9 کاتژمێرە، بەڵام بە ناوچە ساردەکان 7 بۆ 8 کاتژمێر کارەبا دەدرێت"، وتیشی: "بڕەهەمی کارەبا لە نێوان 3500 بۆ 4 هەزار مێگاواتە، ئەمەش بەڵکی باشە بەڵام کەشە ئێوارەیە خواست زۆرە و دەگاتە 7 هەزار مێگاوات".

ئاماژەی بەوەشکردووە، ئێستا بەهای دابەزینی پلەکانی گەرما و هاتنی شەپۆلی سەرماوسۆڵە، خواست لەسەر کارەبا زۆر زیادی کردووە و وەزارەتی کارەباش هەموو هەوڵی خێی خستووەتە گەڕ، بۆ ئەوەی زۆرترین کارەبا بە هاووڵاتیان بدات.